The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# چاک داوای ڕوون کردنەوە لە  حکومەتی کوردستان دەکات .

دوای دەرچوونی  بڕیاری لەسێدارە دانی سەدام حوسێن و بەرزان تکریتی وعواد بەندەر . گوتەبێژی حکوومەتی کوردستان لەدوو ئاخافتنی جیادا، دوو هەڵوێستی جیای سیاسی  دەربڕیوە , تە نها لەماوەی 4 کاتژمێردا ، کەبەڕای ئێمە ئەمە کەم وکورتییەکی یەکجار گەورەیە.

ئێمە وەک ڕێکخراوی چاک  هەڵوێستی یەکەمی حکوومەتی کوردستان  کە ئاماژە بەوە دەکات ، دەبێت ئەم سزایە دوا بخرێت تاکو  پەروەندەکانی ئەنفال، هەلەبجە ، بارزانییەکان ، کوردی فەیلی ... یەکلا دەبێتەوە ، زۆر بە باش و  گونجاو دەنرخێنین .

بەڵام   باسکردنی ئەم بریارە بەو پەری داپەروەرێتی و پیرۆزباییکردن لەخەڵکی کوردستان ، بەسوکایەتییەکی گەورە  بەرامبەر قوربانیانی کارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە و بارزانی و فە یلی و ... دەبینین ،  هەروەک وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفالیش کەوتۆتە ناو هەمان هەڵەی سیاسییەوە . خۆ ئەو بڕیارە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان یاخود تاوانەکانی دیکە ی کە دژ بە  نە تە وە ی کورد

ئە نجامدراون  دەرنەچووە، سەدام و تاوانباران دەبێ لەسەر هەموو ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە، گوێبیستی سزای ڕەوای خۆیان بن. ئەوە کەی دادپەروەرییە گەورەترین تاوان و کۆمەڵکوژی تۆز لەسەر فایلەکانیان نیشتووە، ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە ، کەچی لەسەر تاوانێکی بچووکی کەم کۆتایی بە ئامادە بوونی تاوانکاری سە رە کی لە دادگا بهینریت , واتا دادگا دەیەوێت سەدام لە  شەرمەزارییە  مە زنە کان  ڕزگار بکات.

چاک دوبارەی دەکاتەوە کە پێی وایە داپەروەرێتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پەروەندەکانی کۆمەڵکوژی کورد بە ئامەدەبوونی تاوانباری پلەیەک ( سەدام حوسێن ) لەدادگادا یەکلا بێتەوە و بریاری ناساندنی تاوانی کۆمەڵکوژی بچەسپێنرێت و حکومەتی عێراقیش  داوای لێ بوردن لەگەلی کورد  بکات ,  ئەوکات حکوومەتی کوردستان  ئەو مافەی هەیە پیرۆزبایی لەخەلکی کوردستان  بکات .

بۆیە لێرەدا پرسیار لە حکوومەتی کوردستان دەکەین کام یەکێک لەمانە  هەلوێستی فەرمی ئێوەیە , وە لآم بە جە ماوە ر و قوربانیان بدە نە وە .

**ناوەندی چاک**

20061106

http://www.peyamner.com/article.php?id=69013&lang=kurdish
http://www.peyamner.com/article.php?id=69022&lang=kurdish
http://www.kurdistanonline.net/news.php?newsid=4559